# دەسەلاتو پەرلەمانی ناسیونالیزمی کورد ، لە کەنار تیرۆریزمی ئیسلامیدا ڕاوەستاوە!

"پەرلەمانی کوردستان" بە ئیمزای سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ڕۆژی 6ی ئەم مانگەدا، ڕاگەیاندنێکی بلاوکردۆتەوە لە ژێر ناوی " لەبارەی هەندێ وێنەی کاریکاتیری پێغەمبەری ئیسلام"و لە هەمان کاتدا یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان( مەکتەبی سکرتاریەت) ڕاگەیاندنێکی سەبارەت بەهەمان ڕوداو بلاوکردۆتەوە. کە هەردوو ڕاگەیاندنەکە پێکەوە لە ڕۆژی 7ی ئەم مانگەدا لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بە تەنیشت یەکەوە بڵاوکراونەتەوە. دوور لە پڕوپاگەندەکانی هەردوو بەرەی تیرۆریزمی جیهانی لە تیرۆریزمی دەوڵەتی ئەمەریکاو داروەدستەکەیو تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی، وە بەجیا لە پڕوپاگەندەی فاشیانەی ڕاستی ڕۆژئاواوو ئیسلامی سیاسی، گەورە کردنی بڵاوکردنەوەی چەند کاریکاتێریك کە 4 مانگە لەمەوپێش ڕویداوە لە ڕۆژنامەیەکی دانیمارکیدا لە سەر پەیامبەری موسلمانان، لە ئێستادا هێرشێکە لە جەنگێکی فراوانی تیرۆریستی، کە ئیسلامی سیاسی دەیەوێت تا ئەوپەڕی توانا و ئیمکاناتی خۆی بیباتە پێشەوە. ئەمجارەیان ئیسلامی سیاسی، پاش دەستکەوتو بردنەوەکانی لە مصرو فەلەستینو عێراق، بلاوبونەوەی ژمارەیەك کاریکاتیری مانگی ئەیلولی ساڵی ڕابوردووی کردە سەکۆیەك بۆ هێرشێکی فراوان بۆ سەر بەها ئینسانیو شارستانیەکان بۆ ئەوەی لە ڕێگای سەرکوتو لێسەندنەوەی دەسکەوتە بەنرخەکانی کۆمەلگای بەشەرییەوە، بەرنامەو سیاسەتو فەرهەنگە دارزیوەکانی خۆی بسەپێنیت بەسەر دنیادا.

ئەگەر ئیمزای سەر ڕاگەیاندنەکەی پەرلەمان بسریتەوە، ئەوا لە ڕاگەیاندنی حزبێکی ئیسلامی عەیارە 24 دەچێت. بەتایبەت کە هێرشێکی زۆر توندو هێستریکانە دەکاتە سەر ئازادی سیاسیو ڕۆژنامەی "پۆلاندس پۆستن" و پیمان دەڵێت" داوادەکەین ڕۆژنامەکەو بەرپرسانی بابەتەکەش ڕوبەڕووی لێتویژینەوەو بەرپرسیاریەتی یاسایی بێتەوەو سزابدرێن". بەڵام زانایانی ئیسلام کەمتر خۆی لەم مەسەلەیەداوەو هاتۆتە نێوخۆی کوردستانو دەلێت" ... لە نمونەی ئەوەش لە وولاتی خۆمان لە ڕێگای یاسایی خۆیەوە تاوانباران بە سزای یاسایی خۆیان بگەیەننو بکرێنە جێگای پەند وەرگرتن بۆ خەڵکی تری نەفسنزمی وەکو ئەوانو ڕێگای دوبارەبونەوەی بەم داخکردنەی لیبگیرێت."

"پەرلەمانی کوردستان" ئیسلامیانە هاتۆتە دەنگو شمشێری خۆی دەرکێشاوە دژ بە ئازادی بیروڕاو نوسینو ڕەخنەو گشت ئازادییە سیاسیەکانو تەواوی مافە مەدەنیو فەردییەکانی ئینسان. "پەرلەمانی کوردستان" بۆئەوەی وەکو بەشێك لە هەردوو ئیدارەکەی ناسیونالیزمی کورد لە هەولێرو سلێمانی هەڕەشەو سەرکوت بکات، بە پڕوپاگەندە پشتیوانیو داکۆکی دەکات لە ئازادی بیرورا دەربرینو چەواشەکارانە دەنوسێت" وێرای پشتیوانی لە ئازادی بیروراو پەیامە پیرۆزەکەی ڕۆژنامەنوسی" بەلام لە ڕاستیدا سەرکوت دەکات. هەروەکو هێستریکانە لە ڕاگەیاندنەکەیدا سەرکوتی کردوەو زۆر زیاتر لە یەکیتی زانایانی ئاینی ئیسلام، ئیسلامیتر ئیدانە دەکاتو داوای سزا دەکات. بەلام ئەم ڕاگەیاندنەی پەرلەمانی کوردستان، ئەگەرچی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڕەشەیەکی گەورە دەخاتە سەر خەڵکی کوردستان، لە هەمانکاتدا ، لەبەر ئاوێزان بوونو بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ هێزو حیزبە ئیسلامیەکانی برادەریان لە سوننیو شیعی و بەخاتر جمهوری ئیسلامی ئیرانو بەخاتری هاوپەیمانەکانیان لەکوردستان، هێستریکانەو توند کەوتونەتە گیانی "ئازادییەکان". بەم ڕاگەیاندنە "پەرلەمانی کوردستان" وناسیونالیزمی کوردخۆیان خستە باوەشی ئەمبەری بەرەی تیرۆریزمەوە، تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسیو بە توندی لە کەنار ئەودا ڕاوەستاوەو تریبۆنی ئەویان بەدەستەوەیە.

بەلام یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلام لە ڕاگەیاندنەکەی خۆیدا نوکی ڕمی کۆنەپەرستانەی خۆی کردۆتە سەر خەڵکی کوردستانو خواستو ویستەکانی ئەوان، بەمەش کارێك تەواو دەکات کە لە ڕاگەیاندنەکەی پەرلەماندا چەواشەکارانە ئاماژەی پێنەکراوە. پەنجە ڕاوەشانو چاوسورکردنەوەو داخکردنی زانایانی ئاینی ئیسلام!! هەڕەشەکردنە لە سەرجەم ئازادیخوازانو پێشکەوتوخوازانو سکولاریستو ئاتەیستەکان لە کوردستان، هەڕەشەیەك ڕووی لەوەیە کە جێگای لیکدانەوەو باسکردن لەسەر ئاینی ئیسلامو ڕەخنە گرتن لێیو لیکۆلینەوەو توێژینەوە لەسەری یاساغ بکرێت هەڕەشەیەکە، ڕووی لەوەیە کە گشت خواستو ویستی جەماوەری بەرینی کوردستانو لاوانی پڕ دڵ لە هیواو مودێرنخوازی کوردستان سەرکوتو زەوت بکات. پێویستە بەر بەم ملهوڕییە بگیرێت.

جەماوەری کوردستان، لە بەرانبەر تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسیدا لە بەرانبەر کۆنەپەرستانو هەمو ئەوانەی دژی ئازادی بیروڕاو ئازادییە سیاسیەکانن ڕێگایەکی دیکەیان نیە جگە لە خۆ ڕێکخستنو فراوانکردنەوەی ناڕەزایەتیەکانیان لە پێناو ئازادییە سیاسیەکاندا، لە پێناو ئازادی ڕادەربڕینو خۆپیشانداندا، لەپێناو بەدیهێنانی خواستە ئینسانیو شارستانیەکانی لاواندا، لەپێناو یەکسانی ژنو پیاودا لە پێناو جیابونەوەی دین لە دەوڵەتو لە خوێندنو پەروەردە. خەباتێکی لەم چەشنە دەتوانێت فتواچیانو تیرۆریستانو هەموو ئەو تاوانبارانەی هەڕەشە لە ئازادیخوازیو ڕەئی ئازاد دەکەن بخاتە بەردەم داداگایەکی ئینسانیو عادلانەوەو بە سزای خۆیان بگەیەنێت.

**ڕیکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/2/9